# هاوڕێیەتیم لەگەڵ شەهید جەمال تاهیردا

سەرەتای ساڵەکانی شەست بوو.. قوتابی پۆلی سێی ناوەندی بووم, هەڵسوراوێکی گورجی بواری سیاسی ئەوکاتە بووم, شەهید جەمال تازە ماڵیان هاتبووە گەڕەکەکەمان و دراوسێیەکی تۆزێ دوور (گردی جۆگەی ئێستا-لای فلکەی سجنی کۆن) بوو. لاوێکی باریکەلەی باڵابەرزی قژکاڵ, لەسەرخۆو هێمنو ڕووخۆش, پێش ئەوەی ببینە هاوڕێ, لەدوورەوە خۆشم دەویست, دوای تەواوکردنی پۆلی سێی ناوەندی, داوای خانەی مامۆستایان دارالمعلمین-م کرد, بۆ ساڵی خوێندنی 963-964. لەخانەی مامۆستایان وەرگیرام. لەوڕێکخراوەی کە لێی بووم ڕێکخراوی(4)ی ئەوکاتە گوازرامەوە بۆ لیژنەی سەرەکی لێپرسراوی خانەی مامۆستایان. ڕۆژێك لە پشووی نێوان وانەکاندا, بەڕێزی هاتە لامەوەو لە قوتابییەکانی جیاکردمەوەو ئاگاداری کردم کە لیژنەی سەرەکی خانەی مامۆستایان و لەگەڵ ئەوان دانراوم (من کرام بەلێپرسراوی شانەکانی پۆلی یەکەم و کاك کەمال محەمەد ساڵح) کرابوو بە لێپرسراوی شانەکانی پۆلی دووەم و شەهید جەمال ببوو بە لێپرسراوی شانەکانی پۆلی سێیەم.. سەرەتا بۆ ماوەیەك مامۆستا فوئاد قەرەداغی لێپرسراومان بوو دوای ڕۆیشتنی ئەو, خوالێخۆشبوو مامۆستا ئەحمەد عەزیز پێنجوینی کرا بەلێپرسراومان و کاتژمێر (3)ی دوای نیوەڕۆ ئاگادارکرام لە جێگای دیاری کراودا ئامادەبم. ئەم پەیوەندی پێکردنەوەیەی بەڕێزی, زۆر شادی کردم.

لەبەرئەوەی شەهید جەمال لە پۆلی کۆتایدا بوو, هەرئەوساڵە بەیەکەوە کارمان کرد لەوساڵەدا بوو پارتی دیموکراتی کوردستان بووە دووباڵ, باڵی مەکتەبی سیاسی کە بە(جەلالی) ناودەبراو باڵی خوالێخۆشبوو (مستەفا بارزانی) کە بە (مەلایی) ناودەبرا, ئەوەی زۆر دڵخۆشیکردم: هەردووکمان یەکترمان لە باڵی مەکتەبی سیاسیدا دییەوە, لیژنەو شانەکانی ناو خانەی مامۆستایان بە تێکڕایی لەناو باڵی مەکتەبی سیاسیدا مانەوە.

ئەوزانیارییانەی لەسەر شەهیدی سەرکردە مامۆستا جەمال تاهیر هەمە:

یەکەم ساڵی دامەزراندنی کە 1964/10/1 بوو بەمامۆستا لە گوندی شەدەڵە دانرا. لەساڵی یەکەمی دامەزراندنەکەیدا مامۆستا جەعفەر فەقێ ئەحمەد کە ئێستا بەڕێوەبەری یەکەی ڕاهێنانو فێرکردنە-وحدە التدریب وساڵی دووەم مامۆستا عەلی مەجید- کەئێستا مامۆستای قوتابخانەی بەیانە, بۆ قوتابخانەی شەدەڵە دانران. دوای هێرش هێنانی خوالێخۆشبوو مەلا مستەفا بۆسەر ماوەتو چوونی مەکتەبی سیاسی بۆ ئێران (بۆ هەمەدان). باڵی مەکتەبی سیاسی کەوتە قۆناغێکی ترو, ئەم قۆناغە زۆر بەنهێنی کاری سیاسی خۆیان دەکردو بەرەی دژیان, زۆر چاودێریی خەستیان دەکردنو زۆر لە ئەندامە پێشکەوتووەکانیان گیرانو زۆریان تیاچوون. شەدەڵەش هەروەك زۆر گوندی تر, پێشمەرگەی سەربەمەلامستەفای تێدابوو. ئەم گۆڕانکارییە شەهید جەمالی وا لێنەکرد, واز لەکاری سیاسی خۆی بهێنێ... زۆر بەنهێنی بەیانو دەنگوباسو زانیارییەکان دەردەچوون, هەرکاتێك ئەم نووسراوانە بڵاودەکرانەوە, بەبرادەرێکدا کە خەڵکی شەدەڵە بوو, زوو زووش هاتوچۆی سلێمانی دەکردو لەوەوپێش بەهۆی شەهید جەمالەوە, ناسیبووم بۆم دەناردو ئاگادارم دەکرد کە نامەکە شتی تایبەتی تێدایەو وابکە کەس نەیبینێ. جا هەموو جارێك پێش ئەوەی قسە بکەم, ئەوبرادەرە زەردەخەنەیەك دەیگرتو لەپێش مندا ئەو ڕستەیەی دووبارە دەکردەوە. شەهید جەمال زۆر جار کە ئەم بڵاوکراوانەی دەگەیشتە دەست, دەینووسینەوەو دەیناردن بۆ مامۆستایانی قوتابخانەکانی نزیك خۆی (ئەوانەی کە جێی باوەڕی بوون), چەند جاریش ئەم نووسراوانەی دەخستە

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com

گیرفانی جلی شۆڕاوی هەڵخراوی ئەو پێشمەرگانەی لەشەدەڵە بوون. شەهید جەمال بێ سڵکردن و ڕاڕای, لە هەموو کۆڕو دانیشتنێکدا, سیاسەتی ئەو رۆژەی بۆ دانیشتوان تاوتوێ دەکردو قسەکانی مایەی دڵخۆشیو ووریا بوونەوەی دانیشتوان بوو.. لەهاوینی ساڵی 1967دا بوو, سەردانی خزمانی خانەقینی کرد, مێردی پوورەکەی ئەفسەری پۆلیس بەڕێز کاك ئەحمەد مەجید شاسوار خەڵکی خانەقین بوو, هەرخوشکی کاك ئەحمەدیش کەخێزانی شەهید حەمەرەشید تاهیر بوو کە لەساڵی 974دا, بەکۆمەڵێك ناوەوە گیراو لەسەر ئەوەی راستی نەگوتو سوودیان لێی نەبینی, لەژێر سزاو ئازاردا پارچەپارچەیان کرد)بوو, شەهید جەمال لەبەر ئەوەی ئەم خزمانەی خانەقینی زۆر کوردێکی چاكو نیشتمان پەروەر بووون, زۆری خۆشی دەویستن.

کاك ئەحمەد مەجید هەر لەسەرەتای شۆڕشی نوێی گەلەکەمانەوە کە 1976 بەرپابوو, خۆی و خێزانو منداڵەکانی لە شۆڕش دانەبڕان, بەهۆی ئەوەی دوو کوڕی پێشمەرگە بوون (دلاوەر ئەحمەد مەجید- کە ئێستا جێگری پارێزگاری سلێمانیو دانا مەجید- کە ئێستا بەڕێوەبەری گشتیی ئاسایشی هەرێمە خۆیو خێزانەکەی گیرانو ڕەوانەی بەندیخانەکانی خوارووی عێراق کران.. لەپێش گرتنیاندا, خێزانەکەی کاك ئەحمەد زۆر ئازایانە و بوێرانە یارمەتی راپەڕاندنی کاری سیاسی شەهید جەمالی دەداو پەیوەندیی دەکرد بەو خێزانانەوە کە دەیزانی نیشتمان پەروەرنو پارەو یارمەتی لێوەردەگرتنو تەسلیمی شەهید جەمالی دەکرد.

شەهید جەمال لەم سەردانەیدا بۆ خانەقین, خێزانەکەی ئێستای (بەدری خان) دەبینێ بڕیار دەدا داوای بکاتو ببێتە هاوسەریو دوای ماوەیەك گواستیەوە. زۆرجار کە سەردانی ماڵەکەیم دەکرد, ئەوکتێبانەم بەزۆری بەرچاو دەکەوت کە لەسەر بیری مارکسی-لینینینووسرابوونو چەپەکان بەچاپیان دەگەیاندو بڵاویان دەکردەوە.

لەساڵی 1974دا, کە دوژمن لەوگفتەی بەکوردی دابوو کە لە (حوکمی زاتی) بوو پەشیمان بوەوەو, پەلاماری کوردستانی دا, شەهید جەمال هەر لە یەکەم رۆژدا, وازی لەفەرمانی مامۆستایی هێناو چووە دەرەوەو پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کرد. شەهید جەمال لە قلیجە لە بینای قوتابخانەکەدا دەبێت, جاشەکان پێی دەزاننو چواردەوری لێدەگرنو داوای خۆبەدەستەوەدانی لێدەکەن, ئەویش بوێرانەو زۆر ئازایانە داواکەیان رەت دەکاتەوەو دەست دەکات بە قسە پێوتن پێیانو دەکەوێتە بەرەنگاری کردنیان, تا عەسرێکی درەنگ چەند پێشمەرگەیەك کە لەونزیکانە دەبن.. دەبن بەیارمەتی دەر بۆیو جاشەکان ڕاو دەنێنو ئەمیش سەربەرزانە ڕزگاری دەبێت.

دوای نسکۆی 1975, چاوم پێی کەوتەوە.. لەوکاتانەی کە هەردووکمان بەیەکەوە دەبووین, قسەوباسمان هەر ئەوەبوو کە ئێستا چی بکرێت, بۆ ئەو بۆشاییە سیاسییەی کە هەیە.. لەکوردستانداو چی بۆ بکرێت..!؟

بۆچوونەکانی شەهید جەمال زیاتر داشکاندن بوو بەرەو لای بیری مارکسی – لینینی هەرچەند گەشیم لەبۆچوونەکانی دەدی, ئەم پشتگیرییەی لەچەپ و باشی بیری سۆشیالیستی سەرباشقەی گفتوگۆکانی بوون. من لەم بۆچوونو هەڵوێستەی لاتریسکەم دەبەستو بوونی (ئومەمیەتەکەم) لەچوارچێوەی چەپیەتیا ساردی دەکردمەوە. دەسەڵاتی خۆمی تیا نەبوو لەووپێش واگۆشکرابووین. وام دەروانیە کارەکە ئێستا ئێمە وڵاتێکی ئازادو قەوارەیەکی سیاسی سەربەخۆمان نییە, تا پەیڕەوی سۆشیالیستیانەبۆ بەڕێوەبردنی بکەین و زۆر وڵاتو نەتەوە ئەم بیری مارکسی-لینینی یانەی پەیڕەونەکردووە لە جولانەوەو شۆڕشی ڕزگارییانداو گەشتوونەتە هەموو مەرامە پیرۆزەکانیانو وڵاتیان بەئازادیو میللەتەکەشیان بەژیانێکی باش گەیاندوەو رۆژبەڕۆژیش هەنگاوی باشیان بۆ پێشکەوتنو گەشەی شارستانێتی ناوە.

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com

پـەیڕەوکردنی ئـەم سیاسـەتی بـیری مارکـسی- لینینیـەم بەزەحمـەت دەزانـی و بۆچـوونم وابـوو کـە کـەڵك لەتاقیکردنەوەکانی ڕابووردووی خۆمان وەربگرینو یەکخستنەوەی ماڵی کوردو پشت بەخۆبەستن بەمیللەتەکەمان

.

بەهۆی کاری مامۆستایەتییەکەمەوە کە بۆ (15) ساڵ بـوو لـە دەرەوەی سلێمانی بـووم, کـەم کـەم یـەکمان دەدی. زۆربەی بینینەکانمان لەکاتی پشووی هاویندا بوو. ئاگاداری ئـەوەبووم کـە شـەهید جـەمال خـەریکی کاری سیاسییە. لەوماوەیەدا چەند جارێك سـەردانی ماڵەکـەیم کـرد وارێك دەکەوت خێزانەکەی سەفەری خانـەقینی کردبـوو.. لـە ژوورەکەیدا زۆر کتێبم دەدی کە لەسەر مارکسو لیـنین نووسـرابوون, یـان دەربـارەی سـەرەتاکانی شـۆڕش و (پـورە فی الپورە) لێرەو لەوێ بڵاوببوونەوەو پێم دەگوت تۆ ناترسی وا بەم شـێوەیە ئـەم کتێبـە قەدەغەکراوانـە لەماڵەکەتایـە. زەردەخەنەیەك دەیگرتو دەیگووت شاڵلا هەر ئەوانە بوایە.

لەهاوینی 1981دا بوو, لەناوبازاڕ بینیم لەگەڵ هاوڕێیەکیدا بوو (مامۆستا سەلاح شەرەف) کە ئێستا قائیمقامی کۆیەیـەو هـەردووکیان بەیەکـەوە داوای هاتنـە ریـزو کارکردنیـان لێکـردم, شـەهید جـەمال بـەهۆی گفتوگـۆی پێشینەمانەوە هەڵوێستی منـی دەزانـی بـە دوژمنـی خـۆی نەدەدامـە قەڵـەم.. هەمیـشە دەیگوت تـۆ کوردێکـی پاکیو هەروەك ساڵانی ڕابووردوو دەڕوانمە تۆو ئەوەم لەبەرچاوە کە چەند شەو تابەیانی بـە بـەیان نوسـینەوەو شـەونخونی ڕۆژمان کردۆتەوەو خاوەنی خەباتێکی زۆری. ڕۆژێك دەبێت بێیتەوە ناو کاروان. مامۆستا سـەلاح زۆر زۆر بەگـەرمی و بەفرسەتی دەزانی کە ڕازیم کاتو بێمە ریزیانەوە تا شەهید جەمال پێـی گـوت وازبێنـە ئـەم هـەر دۆستمانە.. مـن دەزانم حەساسیەتی بەناوی مارکسو لینینەکە هەیەو دەستیان کرد بەپێکەنین.

ساڵی 1982 دووجار بوو کە شـەهید جـەمال لەلایـەن دائـیرەی ئـەمنی سلێمانییەوە گیرابـوو. دوای ئەشکەنجەو ئـازارێکی زۆر, هیـچیان لێ سـەوز نـەکردبوو... بـەریان دابـوو... سـاڵی 1982 لەگـەڵ چـەند کەسـێکدا گیرایـنو لـە بانگکردنو لێکۆڵینـەوەدا نـاوی مامۆسـتا جـەمالیان دەهێنـا کـە گوایـە ئیعتـیرافی لەسـەر کـردووم, بۆ ئـەوەی بترسـمو قسەبکەم , بەڵام من دڵنیابووم لەوەی کە مامۆستا جەمال ئەو کەسە نییە کـە ئـەوان کـەڵکی لێوەربگرن بۆیـە گوێم بەقسەکانیان نەئەدا لەتەمموزی ساڵەکەدابوو, عەسرێکی درەنگ هاتنو کەلەپـچەکانیان لەدەسـتمان کـردەوەو ریزیـان کردینو بردیانین بۆ جێگایەکی گشتی (موقف عام)و لەوێدا کۆمەڵێ ئەمنی عـەرەبی لێبـوو, لەسـەرکاری بێناموسـی لەناوخۆیانـــدا ودرەنـــگ هاتنـــەوەیان لـــەئیجازەکانیان گیرابـــوون هـــەربۆ شـــەوێ, دوای نـــانخواردنی ئێـــوارە 14/تەمموز/1982.

دووکەسیان کرد بە ژوورەکەماندا, سەرنجم دا یەکێکیان مامۆستا جـەمال تـاهیربوو, ئـەوی دووەمیـانم نەدەناسـی, دوایی زانیم پـارێزەرەو نـاوی (عـەزیز)ە هەرهاتنـە ژوورەوە, هەریەکـەمان زۆر بەخۆشـیەوە دەسـتمان کـردە ملیـان و تێر ماچمان کردن.

ئەوشـەوە هیـچمان نەنووسـتینو نزیـك یـەك لێـی دانیـشتینو دەسـتمان بەگێڕانـەوەی ئەوزانیارییانـە کـرد کـە دەستمان کەوتبوو..

هەربۆ بەیانی مامۆسـتا جـەمال گـوتی بـا ژوورەکـە بـشۆینو بەتانیـە داخراوەکانمـان پێچایەوەو دەسـتمان بـەپاك کردنەوەو شتنی ژوورەکە کـرد... شعارێکی کۆنی فڕێدراو لەتاقەکـەدابوو, هێنامـان لەپێلاوەکانمانـەوە پێچاو وەك سەرینمان لێکردو بەجووتە سەرمان کردە سەری...وردە وردە دەستم کـرد بەپرسـیار لێکردنـی دەربـارەی چۆنیـەتی گرتنەکەیو...دەنگوباسو بەسەرهاتی

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com

مانەوەو ماوەی گرتنەکەی (نۆشەو لەسەر ئەوسەرینەو تانزیك بەیانی قسەو گفتوگۆمان هەر لەسەر ئەوشەو رۆژانە بوو کەبردبوویە سەر)...سەرەتا چۆنیەتی گرتنەکەی بۆباس کردم وگوتی:

خزمێکم هاتە لامو داوای نامەیەکی پشتگیری لێکردمو ئاگاداری کردم کە ئەیەوێ بچێتە دەرەوەو ببێ بەپێشمەرگە..کوڕەکە گیراو نامەکەی منیان پێگرت وئیعتیرافیشی لەسەرمن کردبوو. من ئاگاداری گرتنی ئەم کوڕە نەبووم, نەمزانی بوو نامەکەی پێگیراوە. رۆژێك (من بەروارەکەم لەبیر نەماوە کە بۆی باس کردم) لای یانەی ئەندازیاران دەستی سۆرانی کوڕم گرتبوو, چاوەڕێی پاسمان دەکرد, ئوتوموبیلێکی ئەمن لەبەردەمما وەستاو پەلاماریان دامو گرتیانمو خستیانمە ناو سەیارەکەیانەوەو بردیانمو سۆران بەتەنیاجێما. سەرەتا فڕێیان دامە ژێرزەمینێکەوە, بۆ ماوەی (3) سێ‌رۆژ نان وئاویان نەدامێ, خەریك بووم بەنینۆك زەویم هەڵدەکەند, تینویەتیو برسێتی زۆر پەرێشانیان کردم. دەستم بەهاوار کرد. هاتن بۆ لام دوای پیاکێشانی چەند کێبلێك گووتیان بۆ هاوار دەکەیت شێت بوویت؟

ئاگادارم کردن کە لەبرساناو لەتینوانا خەریکم دەمرم.. سەمونێكو پەرداخێك ئاویان دامێ. تۆزێ بووژامەوە, ئیتر ئەم سەموونو ئاوە کەمە بوو بە ژەمەکانی دیاری کراوی ڕۆژانەم. تەحقیق ولێدانو هەڵواسین دەستی پێکرد. سەرەتا نەرم بوون لەگەڵمدا, زۆر داوایان لێکردم کە ئیعتراف بکەم لەسەر ئەوەی ئەونامەیە من داومە بەوکوڕە و من ڕاستیم نەگووت.

جۆری قسەکانیان گۆڕی لێدانو هەڵواسین دەستی پێکرد..ئەهاتن هەردووباڵیان بەزنجیرێك کە بە بنمیچەکەوە بوو شۆڕ ببۆوە بۆ خوارەوە دەبەستمو لەبەر هەردوو قاچما, دووپارچە ئاسنی پانی لا تیژیان دانابوو, هەرکە شل دەبوومو ئەژنۆم دەنوشتایەوە, هەردوو ئێسقانی درێژەوەی خوار ئەژنۆم دەیدا بەو ئاسنە لاتیژانەداو سوێیەکی وا دەچووە دڵمەوە, هەموو جارێك وام دەزانی ئێسقانی هەردوو قاچم شکاوە. زوو زوو دەبورامەوە... چەندجار بەڕۆژ بوایە یابەشەو منیان هەڵدەواسی... شەوێك لەناوشار تەقەبوایەو پێشمەرگە دەستێکی بوەشاندایە, ئەوشەوە (مولازم موحسین) بەکێبڵەوە بەردەبووە لێدانمو سزاو ئازارێکی زۆری دەدام, ئیتر هەرگوێم لەتەقە یادەنگی قازیفە دەبوو, لەدڵا زۆرم پێخۆش بوو, بەڵام شپرزە دەبوومو دام دەنا کە ئەمشەو ئەشکەنجەو ئازار زۆر دەدرێم.

یەك دوو ڕۆژ بوو بردبوومیانەوە ژێر زەمینەکە.. نیوەڕۆیەك لەقاپێکی قوڵدا, شۆربایەکیان بۆ هێنام, زۆر زۆرم پێخۆش بوو وەك کوردی دۆ نەدیوو نیشتمە سەری هەموویم خوارد... دوای یەك دوو سەعات دەستم بەسك چوونێك کرد.. خۆم بۆڕانەدەگیرا, تەنەکەیەکیان بۆ دانابووم, نەمدەتوانی (5) پێنج دەقیقە لەسەری لاچم...تەڕایم تیا نەما, دەمم وشك بوو... ئاگام لەخۆم نەدەما دەبورامەوەو دەکەوتمو تەنەکەی پیساییەکە دەڕژا بەسەرگیانماو هەموو جلەکانم پیساییەکەی پێوە وشك ببۆوەو ئاواتم بەمردنم دەخواستو مردن شتێکی زۆر خۆشو پیرۆز بوو. دەستم بەهاوار هاوار کردەوە. هاتن و داوای حەبی سك چوونم لێکردن.. دەستیان بەگاڵتە پێکردنم کردو بەپەنجەکانیان هەردوو کونە لووتی خۆیان دەگرتو دەستیان بەجنێودانم دەکرد. دوای چەند سەعاتێك دکتۆرێکیان بۆ هێنام. زیاتر هاتنی ئەم دکتۆرە بۆ ئیستیفزاز کردن بوو. دوای ئەوەی فەحسی کردم گوتی:

خواردنی مریشكو پێستی مریشو شتی سوورەوەکراوی چەور مەخۆ, بۆ چەند رۆژێك نانو ماستو شۆربا بخۆ باشۆرباکەش چەورنەبێت, واز لەمیوە بێنە. ئەمانەی گووتو لێیدا چووە دەرەوە, پاسەوانەکەش بەتوانجەوە گوتی لەقسەی دکتۆر دەرمەچۆ!

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com

پاش ماوەیەك هەستم كرد ژوورەكەی سەرژێر زەمینەكەی منی تێدابووم گیراوێكیان تیا داناوە...چوومە بەرپەنجەرەكە (پاسەوانەكان دووربوون لەو ناوەوە) بانگم كردو داوام لێكرد كە ناوبەناو كەس دیار نەبووقسەبكەین... من ناوی خۆم پێگووتو ئەویش گووتی ناوم عیرفان شێخ عومەرەو ئەندازیارە لەسەرئەوەی ئەوان هەندێ داوایان لێكردووە بەقسەی نەكردوون گیراوە. شەوێك درەنگانێك دەرگای ژێر زەمینەكەیان كردەوەو لێفەیەكو دۆشەكێكو سەرینێكو بەتانیەكیان بۆ هێنام, زۆر دڵم خۆش بوو, وام دانا كە ئەمە سەرەتایەكی باشەو هەڵسوكەوتیان لەگەڵمدا چاك دەبێت.. بەیانی رۆژ بوەوەو هەر زوو دوو ئەمن هاتن و بەربوونە جنێودانمو دەستیان بەشەق تێهەڵدانو پاڵ نان كردو گوتیان تۆ شایەنی ئەوەنیت لەناو ئەم نوێنانەدا بنووی, ئەمە بەغەڵەت بۆ تۆیان هێناوە, ئەم نوێنانە هی ئەندازیارەكەی سەرەوەیە. چەند رۆژێك تێپەڕی, جارێكی تر هەستم كرد كە ژوورەكەی سەرەوە گرتوویەكی تری تیایە, وەك جاری پێشوو پەیوەندیم پێوە كرد.. گوتی كە پارێزەرەو (عەزیز)ی ناوەو زانیم كێیەو گرتنەكەی بەهۆی كچێكەوە بووە لەپەروەردەو خەبەری لێداوە كە خەریكی كاری سیاسییە... ئەم (عەزیز)ە بوو بەجێی باوەڕمو بەدزییەوە زۆر قسەمان دەكرد تۆزێ لەباری گرانی تەنیاییەكەم سووك بوو... زۆرجار ئاگام لەلێدانو سزادانی دەبوو, زۆر دەترسام قسە بكات بەڵام بەڕاستی پیاوێكی خۆ ڕاگرو پۆڵابوو.. هەردووكمان ببووین بە پشتو ڕووناكیو هاندەری یەكتری... كەدەیان بردم بۆ لێكۆڵینەوەو دەهاتمەوە چی ببوایە پێم دەگوتو ئەویش لای خۆیەوە چییان پێ بگووتایە بەمنی دەگوت...

جارێك باسی ئەوەی كرد كە مامۆستا مەحمود قەرەداغی كە ئێستا لە ئەنجوومەنی شارەوانی سلێمانیە...گیرابوو بە زنجیر هەردوو دەستی بەدەرگای ژوورەكەوە بەسترابوو, زۆر ئازاریان دابوو.. من لە ژوورەكەی بەرامبەری بووم ..دوو ئەمن هاتن بۆ لایو هەوییەیەكیان هێنابوو هی پێشمەرگەیەك بوو گرتبویان ئەم كەسە كە ئەمە هەویەكەییەتی ئیعترافی لەسەركردووی, ئەویش نەچووبووە ژێریو ئاگاداری كردم كە ئەوكەسە دەناسی كە هەوییەكەیان بۆ هێناوەو ئەترسم راست بێ... منیش گوتم راستی نییەو لەوانەیە ئەو پێشمەرگەیە شەهید بووبێو هەوییەكەیان دەست كەوتوەو هێناویانە بۆ تۆ... ئەم بۆچوونەم راست دەرچوو هەروا بوو كە بۆم باس كرد.

رۆژان رۆیشتنو كۆڵیان لێدام... لەژێر زەمینەكە مامەوە تا ئەوكاتەی هێنامیان بۆ ئێرە...

شەهید جەمال تا 982/7/22 لەگەڵ مان بوو, شەوی 7/22 تاقمی تەراشیان بۆ هێناینو ڕیشیان پێ تاشینو ئاگادارییان كردین كە لێخۆشبوونی گشتی بووەو بەیانی بەردەبن.

بۆ نزیك كاژمێر (2) دەرگایان كردەوەو هەموومانیان برد بۆ لای بەڕێوەبەری گشتیو باسی مرۆڤایەتی سەدام حسێنو چاكی سەركردایەتی بۆ كردینو كە ئێمە كۆمەڵێ موخەریبو خائینو مرۆڤایەتیەكەیان ئەمەندە گەورەو بەخشندەیە وا هەموومان بەردەدەنو لەناو هەمووماندا, بەڕێوەبەری ڕووی كردە شەهید جەمال و پێی گوت:

-تۆ موخەریبێكی گەورەی.. ناوی نهێنیەكەشت (سەركەوت)ە وا بەرت دەدەین و بەقسەم بكە واز لەكاری تێكدەرانە بێنەو ببە بە هاوولاتییەكی سالح سوێندی خوارد بەشەرەفی و بەسەری سەدام كە واز نەهێنیێو بگیرێتەوە لەپشتی ملیەوە زمانی دەردێنێ..

یەكە یەكە ڕەوانەی دەرەوەیان كردین...

هەردوای یەك ساڵی تەواو لە تەمموزی 1983دا, شەهید جەمال... شەهیدی سەركردەی قارەمانو دوژمن بەزێن لەدۆڵی بالیسان بەهۆی كارەساتی ئوتوموبیلەوە گیانی لەدەست دا ... هەزار هەزار سڵاو لە خۆڕاگری

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com

قارەمانێتی و ئازایی ئەم رۆڵە قارەمانەی گەلەکەمان و (ی.ن.ك)و خوای مەزن بەبەهەشتی بەرینی شاد بکاتو سەرکەوتووبێت خەباتی ڕەوای گەلەکەمان.

حەمە رەحیم رەمەزان

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com